ئەنقەرە وبەغدا پێکەنانی لێژنەی هاوبەشی هەمیشەیی بۆ بەرەنگاربوونەوەی تیرۆر وبوارکانی دیکە رادەگەیەنن

عێراق و تورکیا لە ڕاگەیەندراوەکی هاوبەشدا جەخت لەوە دەکەنەوە، لە کۆبوونەوەکاندا ڕاوێژ لەبارەی هەوەستی هاوبەشی هەردوو وڵات بۆ پشهاتە هەرەمیەکان کراوە.

لە ڕاگەیەندراوەکی هاوبەشدا، هەریەک لە وەزارەتکانی دەرەوەی عێراق و تورکیا جەخت لە دروستکردنی لێژنەیەکی هەمیشەیی هاوبەش دەکەنەوە کە یەکێک لە تایبەتمەندیەکانی بەرپەرچدانەوەی "تیرۆریزم" دەبێت.

لە ڕاگەیەندراوەکەدا کە ئەمشەوی پێنجشەممە بەاوکرایەوە، هاتووە، لێژنەکە هەروەها کار دەکات لە بوارەکانی ئاوگۆی بازرگانی، کشتوکاڵ، وزە، ئاو، تەندروستی و گواستنەوە لەنەوان هەردوو وڵاتدا.

لە ڕاگەیەندراوەکە "باس لە ئامادەکارییەکانی سەردانەکەی ڕێجەب تەیب ئەردۆغان سەرۆککۆماری تورکیا لە دوای مانگی ڕەمەزان بۆ عێراق کراوە تاوەکو سەردانەکە سەرکەوتوو بێت".

جەخت لەوەکراوەتەوە، پارتی کرێکارانی کوردستان هەڕەشەیە بۆ سەر ئاسایشی عێراق و تورکیا و بوونی لێناو خاکی عێراقدا پشێلکردنی دەستووری وڵاتە.

بەیاننامەی هاوبەشی تورکیا-عێراق لەدوای کۆبوونەوەکانی بەغدا ئاماژەی بەوە کردووە "تورکیا بە خۆشحاڵییەوە پشوازی لەو بڕیارە دەکات کە ئینجوومەنی ئاسایشی نیشتمانیی عێراق دەریکرد لەبارەی ئاوەی پەکەکە ڕەکخراوەکی قەدەغەکراوە لە عێراقدا".

لە کۆبوونەوەکاندا جەخت لە یەکگرتوویی سیاسیی، سەروەریی و یەکپارچەیی خاکی عێراق کراوەتەوە، جەخت لەوە کراوەوە کە پارتی کرێکارانی کوردستان هەڕەشەیە بە سەر ئاسایشی عێراق و تورکیا.

بەگوێرەی ڕاگەیەندراوە هاوبەشەکە، بوونی پەکەکە لە خاکی عێراق پشێلکردنی دەستووری عێراقە.

لە کۆبوونەوەکاندا ڕاوێژ لەبارەی ئەو ڕێکارانە کراوە کە پێویستە دژی پەکەکە و درێژکراوەکانی بگیرێتەبەر کە خاکی عێراق بە بنکامانجگرتنی تورکیا بەکاردەهێنن و هەردوولا لەبارەی بەردەوامیی گفتوگۆ و کۆبوونەوەکان ڕەکەوتن، وەک لە ڕاگەیەندراوەکەدا هاتووە.

ڕۆژی پێنجشەممە، 14ـی ئازاری 2024، شاندی باڵای تورکیا بە بەشداریی لە لوتکەی ئەمنیی هەردوو وڵات گەیشتنە بەغداد، شاندەکەی تورکیا پێکهاتوون لە هاکان فیدان، وەزیری دەرەوەی تورکیا، یاشار گولەر، وەزیری بەرگریی تورکیا و ئیبراهیم کاڵن، سەرۆکی دەزگای هەواڵگریی نیشتمانیی تورکیا (میت).

شاندی عێراقیش پێکهاتوون لە فوئاد حسێن، وەزیری دەرەوە، سابت محەممەد سەعید، وەزیری بەرگریی، قاسم ئەعرەجی، ڕاوێژکاریی ئاسایشی نیشتمانی و فالح فەیاز، سەرۆکی دەستەی حەشدی شەعبی، هاوکات ڕەبەر ئەحمەد، وەزیری ناوخۆی حکومەتی هەرێمی کوردستانیش بەشداری لە کۆبوونەوەکەدا کرد .

چەند ڕۆژێک پێش ئێستاش لە سنووری هەرێمی کوردستان، فەرماندەی دووی سوپای تورکیا و هەڵکانی پاسەوانی سنوور و هەڵکانی پێشمەرگە کۆبوونەوە، لەو بارەیەوە وەزارەتی بەرگریی تورکیا دەڵێت، لە کۆبوونەوەکەدا باس لە زیاترکردنی هەماهەنگییەکان بە زیاترکردنی ئاسایشی هاوڵاتیان و سنووربڕکان کراوە و کۆبوونەوەکانیش لەگەڵ هەڕەشەی سەربازییەکانی عێراق لەسەر سنوور بەردەوام دەبن.